پلاسخارت: حکومەتی ئێستای عێراق وەرچەرخانێکی لە بوارەکانی ئەمنی و خزمەتگوزاریدا ئەنجامداوە



نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین پلاشارت، ئەمڕۆ سێشەممە، دووپاتیکردەوە کە حکومەتی ئێستای عێراق وەرچەرخانێکی ئەرێنی لە بوارەکانی ئاسایش و خزمەتگوزاریدا ئەنجامداوە.

لێراگەیەندراوەکدا لە نووسینگەی هاوکاری ئاسایشی نیشتمانیدا هاتووە" قاسم عەرجی هاوکاری ئاسایشی نیشتمانی لە نووسینگەکەی خۆی پێشوازی لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین پلاسخارت کرد.

هەروەها وتی" لە کۆبوونەوەکدا باسکرا لە دوایین پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە، هەروەها مەلەفی کەمپی ئێلهێی سوریا و گرنگی هەوشاندنەوەی، بەهۆی ئەو مەترسییەی کە لەسەر عێراق و ناوچەکە دروستی دەکات لەگەڵ پێویستی هەماهەنگی لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی عێراقی پەیوەندیدارەکە بەم پرسەوە".

ئەعەرجی جێختی لەوە کردەوە" کەنەتەوە یەکگرتووەکان وپەسارکی نودەوەتییە کە دەتوانرێت هاوکار بێت بۆ بەرژەوەندی عێراق و هاوکاریکردن لە پرسە مرێیەکان، وتی" بەرنامەی حکومەت چەندین بگرەی لەخۆگرتبوو کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی یەکگرتوویی کەمایەتی و ئاسایشی بردەوام".

لەلای خۆیەوە پلاسخارت ئاماژەی بۆدا کەعێراق ئەمڕۆ جیاوازە لە عێراق پێنج ساڵ لەمەوبەر، جێختی

لەو کردەوە کە حکومەتی ئێستا وەرچەرخانێکی ئەرێنی لە بوارەکانی ئاسایش و خزمەتگوزارییەکاندا ئەنجامداوە، هەروەها نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی و کارکردنی هاوبەشی بەردەوام بە هاوکاری بنیاتنەر کە خزمەت بە پرسەکانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکات.